# دەسەڵاتی کوردی و بە ئەفسانە کردنی خەون

نالە حەسەن
کەنەدا / بەفرانباری 2006



لە روانینێکی خێرا لە کێشەی دکتۆر کەمال و ووردبوونەوە لەو حوکمە نارەوا و نابەجێ یەی بە سەری دا دراوە , لێرەوە دەکرێ پێکهاتە و بونیادە فیکرییەکانی دەسەڵاتی کوردی بە شێوەیەکی شەفاف و روون و بێخەوش ببینین .

دەسەڵاتێك / کە لە پەنجەرەکانی دوێنێوە دەروانێتە ئایندە وئامادە نیە هیچ گۆرانێك بە سەر شێوەی بیرکردنەوەکانی خۆی دا بهێنێ . دەسەڵاتێك / بە هەمان ئەو میتۆدە کۆنانە کار دەکات کە لە دوێنێ دا کارەساتەکان و ئافاتەکان و گرفتەکانی بە بەرهەم دەهێنا .

دەسەڵاتێك / کە هەمیشە لە هەوڵی چەسپاندنی ئیرادە فۆبیاییەکانی خۆی دایە بۆ شێواندن و تێکشکاندنی کەسایەتی تاکی کوردی و دەستەمۆ کردنی بەرهەمە فیکرییەکانی کۆمەڵگە بە مەبەستی بەهێزکردن و پتەوکردنی کۆڵەگە و بناغە پاییەکانی خۆی . دەسەڵاتێك / کە گەندەڵی ئیداری و ئابووری سەرتاپای جەستەی تەنیوە و بینایی لێل کردووە و ئاسەواری بەعسیزم بۆتە بەشێك لە کەلتووری سیاسی و رۆژانە لە گوتار و رەفتار و بریارەکان رەنگ دەداتەوە .دەسەڵاتێك کە نەرەزایەتیەکانی خەڵك خەڵتانی خوێن دەکا. دەسەڵاتێك / کە شکۆمەندی و سەروەری بە رەهەندەکانی تاکگەرایی دەدات و لە بەرامبەر دەسەڵاتی تاك مانایەك بۆ ئیرادە و خواستەکانی گشتی ناهێڵێتەوە . ئایا بەم مۆدێلە لە دەسەڵات و بەم شێوە لە روانین بۆ ئایندە و بەم جۆرە زیندانی کردنەی هۆشمەندی لە بینا کردنەوەی کۆمەڵگە , دەکرێ زەمانەتێکمان دەست کەوێ کە تیای دا موسیبەتەکان و کۆمەڵکوژییەکان و کۆرەوەکان دووبارە نەبنەوە ... ؟! دەکرێ مانایەکمان دەست کەوێ بۆ دیموکراسی و مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ و بەمەدەنی کردنی کۆمەڵگەی کوردستان ... ؟!

دەکرێ مانایەکمان دەست کەوێ بۆ بە دیهاتنی ئەو خەونە جوانانەی کەساڵەهایە لە گەڵمان دا گەورە دەبن ...؟! بۆیە بە بروای من ئەم شەرەی ئەمرۆ لە ئارا دایە لە نێوان روناکبیران و دەسەڵات دا , لە سەر زیندانی کردنی مرۆڤێك و ئازاد کردنی ئەو مرۆڤە نیە بە تەنیا ..!! بەڵکو شەرەکە مەودایەکی فراوانتر و مانایەکی قووڵتری هەیە ...!! . بەڵام کێشەی دکتۆر کەمال و سی ساڵ زیندانیەکەی بووە خالی تەقینەوە و دەربوونی ئەو کانیانەی کە ساڵەهایە لە نێو دڵ و دەروونی تاکی کوردی پەنگ دەخواتەوە , کە پراوپرن لە پرسیار و گومان و ترس .. کە پراوپرن لە نەفرەت و بێزاری و لە خۆزگە و ئومێد ...!! رەنگە لێرەدا ئەم پرسیارانە لە خۆمان بکەین و بڵێین ( ئایا دەبێ ئەم شەرەمان تا کوێ بروات و کارەساتەکانیش بە کوێ بگەن ...؟ یان بە ئازادکردنی دکتۆر کەمال دەگەینە کاروانسەرای مەبەستەکانمان ...؟؟ ) . من پێم وایە بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارانە وا پێویست دەکات بە خێرایی ئاورێك لە باکراوندی چەندین ساڵەی دەسەڵاتی کوردی بدەینەوە .

هەر لە هەڵگیرساندنی شەری ناوخۆیی و هەر لە هێنانەوەی سوپای داگیرکەران و هەر لە تیرۆر کردنی کەسایەتیە سیاسییەکان و هەر لە دەرکردنی مامۆستایانی زانکۆ و هەر لە زیندانی کردنی رۆژنامەنووسان و رۆشنبیران وهەر لە هەوڵدان بۆ دەستەمۆ کردنی قەلەمە ئازادەکانی دەرەوەی بازنەی دەسەڵات وهەر لە خەلاتکردنی نووسەرانی بێ بەهرە و توانا ...!! و هەر لە بوون بە داردەستی دەوڵەتە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە و دەوڵەتە زلهێزە ئیمپریالیستەکانی دنیا و تا دەگاتە زەوتکردن و پێشێلکردنی سەرەتاییترین

مافەکانی خەڵك . ئیدی لێرەدا هەڵەیەکی گەورە دەکەین کە لە ژێر سایەی ئەم رەنگ و روخسارە و ئەم مۆدێلە لە دەسەڵاتەدا لە چاوەروانی هەر جۆرە ریفۆرمێك یان هەر جۆرە بە دیموکراسی بوونێك دا بین, یان هەر جۆرە تەکانێك کە بەرەو پێشەوەمان بەرێ ...!!! هەر لێرەوەش وەڵامێکی دروستمان بۆ پرسیارەکانمان دەست دەکەوێت . بە مانایەکی تر واتە ئەم مەتریاڵە کۆنانەی کە توانای بەرهەمهێنانی بیری تازەیان نیە واتە تازەگەر نین لە مەیدانی بیرکردنەوەدا یان ( ئەوەتا دەبێت ئاڵوگۆرێکی ریشەیی لە بیرکردنەوە و لە میتۆد و لە روانینەکانیان دا بهێنن ) یان ئەوەتا ( دەبێ لاچن و رێگا چۆڵکەن ... ) . رێگا چۆڵکەن بۆ نەوەیەکی تازە کە بە شێواز و بیردردنەوەیەکی تازەوە کاربکەن کەسانێك کە هەمیشە بیر دەکەنەوە و خەون دەبینن , کەسانێك کە هەمیشە لە خەمی ئەوە دابن ژیانمان جوانتر و جوانتر بکەن ..!! پێویستە ئەوانە دەسەڵات بگرنە دەست کە لە جێکای ئایین و مزگەوت و کلێساکان گرنگی بە دەزگاکانی پەروەردە و فێرکردن دەدەن و لە زانکۆ و کۆلیژەکانیش دا زانست و مەعریفە وە بەرهەم دەهێنن . ئەوانە دەبێ ئایندەمان وێنا بکەن . چونکە ئەوانە لە گۆرینی شێوەی بیرکردنەوە شێوەی چەمك و کردەکانی یاسا و رێچکۆڵەکانی ئایندەشمان دەگۆرن , چونکە ئەوانە فیکر دەکەنە سیستەمێکی بەرهەمهێن بۆ دەستوور و شێواز و میتۆدی دەسەڵات . لێرەوە مانایەکمان دەست دەکەوێ بۆ ژیان و بەهاکانی مرۆڤایەتی , لێرەوە دەتوانین هەموو کەڤالە ناسکەکانی ژیان ببینین و هەست بە مانای راستەقینەی ئازادی بکەین . هەر لێرەوەش خەون و ئومێدەکانمان لە پانتایی ئەفسانە دێنە دەرەوە و لە دنیای واقیع مانا پەیدا دەکەن و جوانیەکانی خۆیان نمایش دەکەن . لێرەوە مانایەك بۆ گەندەڵی و جێگایەك بۆ فایلداران نامێنێتەوە . لێرەوە رەهەندەکانی تاکگەرایی بوونیان نامێنێ و خونچەکانی عەشق و سەرفرازی بە هەموو رەنگە جوانەکانیەوە لە باخچەی ماڵەکانمان چرۆ دەردەکەن و دڵ و دەروونمان پر دەکەن لە ئارامی و ژیانیشمان رەنگین و رەنگینتر دەکەن ...!!!! .